

# پانۆرامای
# خەمەکانی ئەم شارە

د.کەساس جەباری

(1)

ئەوە نی یە!؟
مەنارە سەرکەشەکانی قەڵا و شارم
دوای هەڵچوون و نیشتنەوەی چۆمە تووڕە یاخی یەکەی خاسە
بەئاونگ و قوڕە سوورەی پاش لافاوی
دەسنوێژی پیرۆزییان ئەشۆن و
بەئەسپایی بەرەو ئاسمان هەڵئەکشێن
بێن ئەنێنە دوا هەناسەی جریەوەی ئەستێرەکانەوە

بۆ پێشوازی باڵندە تەریوەکانی دەستی ستەم
ئاوازەیەکی خەم هێنەر
بەگوێی سۆزا ئەچرپێنن
(2)
ئەوە نییە!؟
سێ کانیان‌و کانی دوملان
گەرووی خۆیان، پشتی کووڕیان
کردووەتە پرد
بۆ هاتووچۆو پەڕینەوەو شەبەیخونی شەپۆلەکان
سەرا مەدی ڕێگاوبانێ
ئەوەتانێ
دەروازەی شار
بۆ تەوژمی فرمێسک‌و خوێن
ئاواڵەیەو سەراپاشی کش‌ومات‌و خوێناو بارە
لەهەناویا تارمایی یەك باڵا بووە
بەقەد باڵای دوندەکانی ئەم هەوارە
ئەوە هەڵۆی سنگ بەخوێنی خۆیەتی‌و
لەشەڕێکی دەستەویەخەی مان‌و نەمانی مێژوو هاتووەتەوە
ماندوو و شەکەتی ڕێی تۆڵەیە
پەیامی ئەشقی پیرۆزیمان بۆ دێنێ

(3)
ئای! چ وەرزێکی شەڕەنگێزە
لەم هەژانە سەخت‌و تووشە
گەڵا پایزییەکانی شار ئەوەرێن‌و
لەمژێن‌و
لەگووشینی کاڵە بەیەکانی دایکیان ئەتۆرێن‌و
ئەتۆرێن‌و
لەئامێزی خەمە وەنەوشەییەکانی ئەم باهۆزە ئاوا ئەبن
ئەی گەڵا پایزییەکانی شارەکەم
لەم دەریای نامۆییەدا
شەو نییە!
خەونەکانم باڵ نەگرن‌و جێم نەهێڵن
نەبنە هاوڕێی خەونی سپی‌و

خەونی سەوزو خەونی سوورو
خەونی چرۆو پەرییەکانی رەگی مێژوو
شەو نییە!
نەبنە میوان
لەئاسانەی ئاشتیو شەڕدا
گرێی حەزو ئارەزوویان
بۆ سروشو فریشتەکانی منی مێژوو نەکەنەوە
ئەی گەڵا پایزییەکانی شارەکەم
بۆ نازانن؟
لەم وەرزەدا
پەڵە هەوری ئاسمانەکەی شوێنەزای من
بۆ رەزەکان داربەڕووە تینووەکان
نە بارانی هەڵگرتووەو
نە بارانیش ئەبارێنێ
ئێوەش ئەڕۆن، هەڵئەوەرێن
هەڵوەرینتان. هەڵوەرینی جەستەی منە
دڵو جەستەی منی بێ لان
دڵدارەی کۆچی ئێوەیە

(4)
لەنێرینەی خەمی مێژووی ئێمەی وندا
بروسکەیەك لەزەت ئامێز
تەزووی خۆش هێنایە جۆش
چەند پێم خۆش بوو!
پێیان وتم نازارەکەت
لەم وڵاتە بێ نازەدا
چەپکە گوڵی زەردو سووری
بۆ میوانە بێ داڵدەکان ئەچنێیەوە
پێیان وتم
نیشتمانت شوێن هێیلانەی رەوە کۆتری بێ داڵدەیە
ئەی نازارە بێ نازەکەم
ئەی شارەکەم، ئەی خاکەکەم
بابا گڕگڕ

(5)

ئەی خاكەكەم

لەوەتەی هەی

خەمی مێژووی كارەساتی

ڕەگی مێژووش لەقووڵایی ئەو نازارە

چنگاڵی رقی گیركردووە

مۆتەكەیەك. دوان سیان

هەزارە هاو ملیۆنەها مۆتەكەی تر

سنگ‌و مل‌و بیناقاقای نەمرێتیتێ سوواندووە

ئەمە مێژووە سەر سەختەكەی كڵپەی تۆیە

وتوویانە گڕو كڵپە تامی ماچی جوانییەكە

بەخششێكی خوداییە

دە پێم بڵێ هەتا ئێستا

كام ئاوێنە؟

توانیوێتی تامی ماچی جواناوی تۆباتەوە.

(6)

ئەی خاكەكەم

هەر ئەمانوت

سوار تا نەگلێ نابێ بەسوار

بووین بەسوارو

ئەسپە یاڵ سوورە تەوێڵ مارۆكەی (شێركۆ)مان تاوداو

كە ڕۆیشتین

لەسەرەتاو ناوەڕاستی راستە رێگای مەبەستمانا

تاوی ئەسپ‌و

حیلەی ئەسپ‌و

نەڕەی شێرو

چنگی گڕمان

بەشەرمەوە لەگۆڕنا.

(7)

ئەی خاكە بێ نازەكەم

ئەمێستاكە

رەندەكانی خەراباتی ئەم شارە

نامۆکانی ناو بازنە داخراوەکان
هێلانەی پەیڤ و
بۆشایی بۆن و
هەتا خوارو خوار تریشیان
لەبەرامەی سۆنێتەکانی (قوباد)دا هەڵژەندووە
ئەمێستاکە
لەژێرخانی تەلارێکا
فرە باڵا
باڵاتر لەو دوندانەی کە دەمێك بوو
شکۆمەندییان راگرتبووین
سۆزانی یەك
سیسەمێکی رەنگ شەرابی لەتەل دا بوو
راکشابوو
بەتەوسەوە گێڕایەوە
وەك چۆن شەهید
خوێنی بەخشی بەنیشتمان
منیش لێرە لاشەو جوانیم
ئەبەخشمە ئەو رەندانەو نامۆیانە
هەست و بیریان
بەنیشتمان نامۆ ئەکەم
ئا ئەمەیە
پانۆرامای خەمەکانی شاری جوانی و گڕو کڵپەم..